# گەمە بە وشە

حەمەسەعید حەسەن

ئەم دێیە
**عۆجە**یە (١)
ئێرە دوا ڕەشماڵ و دوا کەپری ئێمەیە
**عەجاجێ** بۆ **علووج** هەڵنەکا (٢)
ئەم جێیە
کۆقەبری ئێمەیە.

**تەیارە** شک نابەین،
تۆ بڵێی خوای گەورە و دلۆڤان
بە پۆلێ لە **تەیری** ئەبابیل
نەگاتە فریامان! (٣)

سبەی وادەی
هەڵدێرانی زاڵمانە (٤)
سبەی عودەی (٥)
پاشای عەرشی زبڵدانە.

ئەم جەنگە
لایەنی ڕۆشنی زۆر تیایە
یەکێکیان
سووکبوونی تورکیایە.

ئەوانەی لە دژی ئەم جەنگە
دروشمیان گوتەوە،
ڕووبارە خوێنێ بوون
ڕژانە دەماری بەعسەوە.

2003. 04. 10

(١) عۆجە: زێدی سەددام.
(٢) عجاج: (گێژەڵووکە، گەردەلوولی لماوی.) لە ڕوانگەی سەححافەوە، سەربازانی هاوپەیمانان علوج، واتا کەرەکێویی قەڵەون.
(٣) و ارسل علیهم طیرا أبابیل، ترمیهم بحجاره من سجیل.
(٤) و سیعلم الذین ظلموا أی منقلب ینقلبون.
(٥) کوڕی دیکتاتۆر.